وەرگێڕان:
ئالان محەممەد



ستیفن کینگ

# پیاوێکی ڕەشپۆش

# پیاوێکی ڕەشپۆش

**ستیفن کینگ**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئالان محەمەد

ئێستا پیاوێکی پیرم، وە ئەوەی باسی دەکەم هی سەردەمی منداڵیمە، کاتێک تەمەنم تەنیا نۆ ساڵ بوو. ساڵی 1914ز بوو، ئەو هاوینەی کە تێیدا (دان)ی برا گەورەم لە ناوچە کێڵگەییەکانی ڕۆژاوا مرد، سێ ساڵ پێش بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم و چوونە پاڵ بەرەی هاوپەیمانان. هەرگیز باسی ڕووداوی چەندرێیانی جۆگەی ئەو ڕۆژەم لای هیچ کەسێک نەکردووە، هەرگیزیش باسی ناکەم... بە لایەنی کەمەوە لە ڕێگەی دەممەوە نا. بڕیارم داوە کە بە نووسین باسی ڕووداوەکە بکەم، لەسەر ئەم دەفتەری یادگارییەی دەنووسم کە لەسەر ئەم مێزەی نزیک جێگای خەوتنم دایدەنێم. بە هۆی ئەوەی کە ئێستا پیرم و دەستەکانیشم دەلەرزن، ئەوا ناتوانم بە خێرایی و زۆر بنووسم، بەڵام بڕوام وایە کە کاتێکی زۆرم پێ ناچێت.

دوای مردنم ئەگەرێکی زۆر هەیە کە کەسێک ئەم دەفتەرەم بدۆزێتەوە و نووسینەکانی ناوی بخوێنێتەوە، بۆیە دەڵێم بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەوەی کە سرووشتی مرۆڤ وایە سەیری دەفتەرێکی یادگاری مردوویەک بکات. بۆیە بەڵێ، کەسانێک دەبن کە لەسەر ڕووداوەکەم دەخوێننەوە... بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا باوەڕم پێ دەکەن یان نا. بە ئەگەرێکی زۆرەوە بڕوام پێ ناکەن، بەڵام ئەوە گرنگ نییە بەوەی کە مرۆڤ لە بڕیاردان لەسەر درووستی یان

پووچەڵی شتێک ئازادە. ئەوەی دەربارەی نووسین جێی سەرنجە ئەوەیە کە کاتێک لەسەر شتێک دەنووسیت، ئەوا ئەو شتە بۆ هەتاهەتایە جێت دەهێڵێت و چیتر بوونی نامێنێت، وەکو وێنەیەک کە کاتێک لەبەردەم خۆر دایدەنێیت و وردە وردە بەرەو سپی بوون دەڕوات، بەم شێوەیەش چیتر بوونی نامێنێت. هەڵبەتە ئەم قسەیە بۆ هەموو کەسێک و هەموو شتێک درووست نییە، بەڵام بڕوام پێیەتی بەوەی کە هیوام ئەو جێهێشتنەیە.

بۆ پیاوێکی نەوەدساڵان ئاسانە کە ناخۆشی و ترسەکانی سەردەمی منداڵی لەبیر بچێتەوە، بەڵام بە ئەم بیرچوونەوەیە من ناگرێتەوە. وەکو ئاوی کەنار دەریا کە هەنگاو بە هەنگاو لە قەڵایەکی لمینی درووستکراو نزیک دەبێتەوە، ئەوا یادەوەری ڕووخساری ئەو زیاتر و زیاتر لێم نزیک دەبێتەوە و لام ڕوونە. هەرچییەک کە ڕۆژی ڕابردوو ئەنجامم دابووبێت، هەرچییەک لەم ژووری خانووی بەساڵاچووان بینیبێتم، هەرچییەک بەوانم گوتبێت یان ئەوان بە منیان گوتبێت، ئەوا هیچی نەماوە و لەبیرم کردووە، جگە لەڕووخساری پیاوە ڕەشپۆشەکە، سات بە سات لام ڕوونتر دەبێت، وە وشە بە وشەی قسەکانی ئەوم لەیادە، باش بیرمە کە چی پێ گوتم.

**نامەوێت بیری لێ بکەمەوە، بەڵام دەسەڵاتم بەسەر بیرکردنەوەی خۆمدا نییە، بە هۆی بیرکردنەوە لەو شەوی وا هەیە دڵم بە رادەیەک خێرا و بەهێز لێ دەدات کە هەست دەکەم لە سینگم دێتە دەرەوە. بۆیە بڕیارم داوە کە دەست بە نووسینی ئەم چیرۆکە بێ سوودە بکەم، ئەویش بە نووسینی لەسەر دەفتەرێکی یادگاری کە یەکێک لە نەوەکانم (ناوەکەیم بیر نییە، بەڵام دڵنیام کە بە پیتی "س" دەست پێدەکات) لە جەژنی "کریسماس"ی ڕابردوو پێی بەخشیم، شایەنی باسە تاکو ئێستا هیچم لەسەر نەنووسیوە، بەڵام ئێستا لەسەری دەنووسم. لەسەر ئەو ڕۆژی پاش نیوەڕۆی هاوینی ساڵی** 1914**ز لەسەر ڕۆخی ڕووباری کاسڵ ستریم دەنووسم کە تێیدا چاوم بە پیاوە ڕەشپۆشەکە کەوت.**

**لەو سەردەمەدا شارۆچکەی مۆتن جیاواز بوو، بە ڕادەیەک جیاواز بوو کە قورسە بتوانم وەسفی بکەم. لەو سەردەمەدا فڕۆکەمان نەدەبینی، ئۆتۆمبێل و هۆکارەکانی گواستنەوە کەم بوون، بە کورتی ئەو شتانەی ئێستا هەن ئەو کات دەگمەن بوون.**

**شایەنی باسە کە یەک ڕێگای قیرکراو لە تەواوی شارۆچکەکەدا بوونی نەبوو. بازاڕەکەمان جگە لە مارکێتی کۆرسن، دوکانی لیڤری و هاردوێر هیچی تری لێ نەبوو. کڵێسایەکەمان لە سووچێکی ڕێگا**

بوو، قوتابخانە و شارەوانی شارۆچکە و ڕێستۆرانتی هاری لە دووری نیو میل بوون، شایەنی باسە کە دایکم ڕقی لەو ڕێستۆرانتە بوو، بۆیە هەمیشە وەکو گاڵتەپێکردنێک بە "مەیخانە" ناوی دەهێنا.

بەڵام ئەوەی گرنگە بریتییە لە شێوازی ژیانی دانیشتووانەکانی کە لێک جیاواز بوون، وە لێکیش دوور بوون.

بڕوام وایە کە نەوەکانی ئەم سەردەمە لەو ڕاستییە تێناگەن بەوەی کە لە قەرەباڵغیدا دەژین، بەڵام ئیتر ئەوەش گرنگ نییە. کاتی خۆی تەلەفون لە ڕۆژاوای مەین بوونی نەبوو، کە یەکەم تەلەفونیش هێنرا بۆ شارۆچکەکە پاش پێنج ساڵ بوو، ئەو کات بووبووم بە نۆزدە ساڵ و خۆم ئامادە دەکرد تاکو بڕۆم بۆ زانکۆی مەین لە ئۆرۆنۆ. ئەو کاتە شارۆچکەکە سادە و تاریک بوو، پڕ بوو لە مێشوولە و مار و چەندین نهێنی.

پزیشکمان لێوە نزیک نەبوو، وە ئەو شارۆچکەیەی کە باسیشم دەکەم تێیدا ژمارەی خانووەکان نزیکی دوازدە بوو، بۆیە قورسە بڵێم کە بەڕاستی شارۆچکە بووە. ئەو کات گەڕەک بوونیان نەبوو (باوەڕ ناکەم کە ئەو کات زانیبێتمان وشەی "گەڕەک واتا چی)، بەڵکو خانووەکان بریتی بوون لە کۆمەڵە کێڵگەیەکی گەورەی لێک دوور. ئەو کات هەموو شتێک سادە بوو، خانووەکان، ڕێگایەکان، ژیان، خەڵک...

هەڵبەتە هەمووان نا، بۆ نموونە ئەو جووتیارەی سەرووی کاسڵ ڕۆک کە بە تەور هاوسەر و منداڵەکانی لەت لەت کردبوو، دواتریش کە دەستگیرکرا و بردرا بۆ دادگا، ئەوا گوتی کە چەند خێوێک ناچاریان کردووە ئەو کارە بکات، بەڵام بە گشتی هەموو شتێک سادە بوو.

با دەست بە چیرۆکەکەمان بکەین، ئەوەی باسی دەکەم لە ڕۆژێکی شەممەدا ڕوویدا. باوکم کۆمەڵە ئەرکێکی پێ سپاردم، ئەو ئەرکانە لە ڕاستیدا ئەرکی دان بوون، بەڵام ئەو مردووە، بۆیە دەبێت کارەکانی ئەویش بکەم. دان تاکە برای من بوو، ئەو بە هۆی هەنگێکەوە مرد کە پێیوەدا. بەڵام دایکم بڕوای بەوە نەبوو کە بە هۆی هەنگێکەوە مردبێت، چونکە هەرگیز نەبووە کە کەسێک بە هۆی پێوەدانی هەنگێکەوە مردبێت، بۆیە نکۆڵی لەوە دەکرد و دەیگوت کە بە هۆی شتێکی ترەوە مردووە. کاتێکیش یەکێک لە ئافرەتە ناسیاوەکان لە کڵێسا باسی ئەوەی کرد کە مامی ئەویش لە ڕابردوودا بە هۆی پێوەدانی هەنگێکەوە مردبوو، ئەوا دایکم بە هەردوو دەستەکانی گوێیەکانی خۆی گرت و لە کڵێسا ڕۆیشتە دەرەوە. لەو کاتەوە دایکم پێی لە کڵێساوە نەنا، باوکم زۆر قسەی بۆ کرد و ویستی ڕای بگۆڕێت، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون. بەم شێوەیە دایکم وازی لە کڵێسا هێنا.

ئەو ڕۆژە باوکم داوای لێ کردم کە دار بێنم و بیخەمە ناو ئاگردانی چێشتخانەکەوە، وە دواتر بەردەکانی سەر ڕێگای کێڵگە لاببەم و دواتریش بڕۆم کای نهۆمی سەرەوە ببەم بۆ شوێنێکی تر. هەروەها داوای کرد کە دوو کەمۆڵە ئاو ببەم بۆ کۆگا ساردەکە، دوای ئەمەش دەبوایە بۆیاغی کۆنی دیواری ژێر زەمینەکە لاببەم، هەڵبەتە ئەوەی لە توانامدا بوو. دوای ئەوەی کارەکانم تەواو کرد، ئەوا گوتی کە دەتوانم بڕۆم بۆ ڕاوماسی، هەڵبەتە بە تەنیا بەوەی کە خۆی پێویست بوو بچێت بۆ لای بێل ئێڤرشام تاکو دەربارەی هەندێک مانگا قسەی لەگەڵدا بکات. منیش پێم گوت کە کێشەم نییە بە تەنیا بڕۆم، کە ئەمەی بیست زەردەخەنەی کرد، دیار بوو کە پێشبینی وەڵامێکی لەم شێوەیەی دەکرد.

حەفتەی پێشووتر دارێکی پێدام کە دیار بوو هی درەختی بامبوو بوو، ئەو ڕۆژە ڕۆژی لەدایک بوونم نەبوو یاخود بۆنەیەکی تایبەت نەبوو، بەڵکو جار جار حەزی دەکرد هەندێک شتم بە دیاری پێ بدات. ویستم دارەکە بۆ ڕاوماسی لە کاسڵ ستریم بەکاربێنم، دوورترین شوێنێک کە ڕاوماسیم لێ کردبێت.

"بەڵام نەڕۆیتە پشتی دارستانەکە، لەوێ دوورتر نەڕۆیت"، باوکم ئاگاداری کردمەوە و ئەوەی پێ گوتم .

-نەخێر گەورەم .

-بەڵێنم پێ بدە.

-بەڵێن بێت گەورەم .

-زۆر باشە، برۆ بەڵێن بە دایکیشت بدە .

لەگەڵ باوکم ڕۆیشتینە ناو ماڵەکەمان و لە چێشتخانە دایکم بینی. لەو ساتەدا تیشکی توندی بەیانی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە، تیشکەکە ڕووی لە دایکم کردبوو، ئەمەش وای کرد کە جوانییەکی تایبەت بەو ببەخشێت. لایەکی قژی چەمابۆوە و لە نزیک برۆیەکانی بوو، کاتێکیش تیشکەکە لەو بەشەی قژیدا، ئەوا ڕەنگی گۆڕا بۆ ڕەنگێکی زێڕین. ڕێک لەو ساتەدا و بۆ یەکەمین جار دایکم وەکو ئافرەتێک بینی، ئافرەتێکی جوان، دڵنیام باوکیشم هەر بەو شێوەیە سەیری دەکرد. هەرکە ڕوویکردە من، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕامکردە لای و باوەشم لێدا، یادگارییەکە کە هەرگیز لەبیری ناکەم. ئەو ڕۆژە پۆشاکێکی ماڵەوەی لەبەردا بوو کە نەخشی گوڵی لەسەر بوو، زۆری لێ جوان بوو، ڕێک لەو کاتەشدا هەویری دەشێلا تاکو جۆرە شیرینییەکی لێ درووست بکات. سەگەکەشمان کە ناوی کاندی بێڵ

بوو لە نزیک پێیەکانی ئەو وەستابوو، دەیویست ئامادەبێت بۆ هەر شتێک کە لە دەستی دایکم بەر دەبێتەوە تاکو بیخوات. بەهەرحاڵ کە باوەشم پێیدا کرد و دواتر ڕوویکردە من، ئەوا گوتم: بەڵێن بێت.

کە ئەمەی بیست زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی، بەڵام زەردەخەنەیەکی پڕ نیگەرانی بوو، لەو کاتەوەی باوکم لاشەی مردووی (دان)ی هێنایەوە، ئەوا دایکم هەمیشە ئەم زەردەخەنەیەی بەرامبەر دەنواندم، هەمیشە نیگەرانی من بوو. ئەو ڕۆژەم وەکو دوێنێ بیرە کە باوکم لاشەی برایەکەمی هێنابۆوە، کراسەکەی داکەند بوو و خستبوویە سەر ڕووخساری دان تاکو دەموچاوی مۆری دەرنەکەوێت. کاتێک دایکم ئەوەی بینی، ئەوا لە داخی ئازار هاواری کرد و بە گریانەوە دەیگوت: کوڕەکەم ! کوڕە جوانەکەم ! کوڕەکەم ! ئای کوڕەکەم!

ئەو ڕۆژە یەکەم جار بوو کە گوێم لە باوکم بێت ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر خودا دەرببڕێت .

دایکم پرسی: بەڵێنی چی دەدەیت گرەی؟

-بەڵێن دەدەم کە نەڕۆمە پشتی دارستانەکە .

**دواتر هیچی تری نەگوت، بەڵام نیگایەکی نیگەرانی نواند. دوای ئەمە گەڕایەوە سەر هەویر شێلان و ڕووی لە من نەما.**

**بۆ ئەوەی نیگەرانییەکەی نەهێڵم، ئەوا دووبارە بەڵێنم پێدایەوە، دوای ئەمە ڕووی لە من کردەوە و گوتی: زۆر باشە گرەی، وریای خۆتبە.**

**لە کاتێکدا کە کارەکانم ئەنجام دەدا، ئەوا کاندی بێڵ هەمیشە بەدوام دەکەوت و دواتریش لە نزیک پێیەکانم دادەنیشت، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە لای دایکم بوو کاتێک هەویرەکەی دەشێلا. بەڵام کاتێک داری بامبوویەکە تازەکە و زەمیلەی کۆنی ماسی گرە کۆنەکەم دەستکەوت، ئەوا لێم نزیک نەبۆوە، بەڵکو لە دوورەوە سەیری کردم. کاتێک کە بانگیشم دەکرد، ئەوا نەدەهاتە لام، یەک دوو جار هەڵدەستا، بەڵام دواتر پەشیمان دەبۆوە و دووبارە دادەنیشتەوە. لەوە دەچوو کە نەیدەویست بڕۆم بۆ ڕاوماسی.**

**دوای ئەوەی کە نەهات، ئەوا گوتم: کەوایە لێرە بمێنەوە. وام خۆش نیشاندا کە نەهاتنی ئەوم لا گرنگ نییە، بەڵام لە ڕاستیدا پێم ناخۆش بوو بەوەی کە کاندی بێڵ هەمیشە لەگەڵم دەهات بۆ ڕاوماسی.**

**کاتێکیش لە ماڵەوە دوورکەوتمەوە، ئەوا سەیری دواوەم کرد و بینیم دایکم هاتۆتە دەرەوە. دەستێکی لە سەروو چاوەکانی ڕاگرتبوو تاکو**

**تیشکی خۆر لێی نەدات. دواتر ڕوویکردە من و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: وریای خۆتبە گرەی!**

**منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: باشە دایکە گیان، بێ خەمبە!**

**دوای ئەم هەردووکمان دەستی خوائاگاداریمان بۆ یەکتری ڕاوەشاند و بەرێکەوتم.**

**لە یەک لەسەر چواری میلی سەرەتا کەش و هەوا زۆر گەرم بوو، تیشکی خۆریش بەهێز بوو و بە توندی لە ملی دەدام، بەڵام دواتر گەیشتمە لای درەختەکان و هەستم بە فێنکی کرد، لەگەڵ ئەم فێنکییەش شنەبایەک دەهات و لە گەڵای درەختەکانی دەدا، بەڕاستی دەنگێک و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو. بەهەرحاڵ بە ڕێگادا ڕۆیشتم، دارەکەم بەسەر شانەوە بوو وەکو منداڵانی ئەو سەردەمە، وە زەمیلەی ماسی گرەکەشم بەدەستەوە بوو. دوای دوو میل هەر لەسەر ڕێگا بووم، کە دەڵێم ڕێگا ئەوا بەڕاستی ڕێگا نەبوو، بەڵکو خاکێکی پڕ فریزوو بوو. زۆری پێ نەچوو کە گوێم لە دەنگی ئاوی ڕۆیشتووی کاسڵ ستریم بوو، دڵم زۆر خۆش بوو بەوەی کە بیرم دەکردەوە ماسی زۆری لێن، وەکو ماسی سەلەمونی خاڵاوی زگ سپی ڕوون. ئاوەکە بە ژێر پردێکی داریندا دەڕۆی، ڕۆخی ڕووبارەکەش لێژ بوو، بۆیە وریاییەوە ڕۆیشتمە خوارەوە. کە لە ئاوەکە نزیک بوومەوە،**

**ئەوا وەکو ئەوە وابوو کە هاوین بووبێت بە بەهار، ئاوەکە فێنک بوو و گیایەکانیش بۆنێکی خۆشیان لێوە دەهات. بۆ ماوەیەک لە نزیک ئاوەکە وەستام و بۆنی ئەو بۆنە خۆشەم کرد، وە لەو دیمەنە جوانەش ڕامام، بۆ چەند ساتێک هەستم بە ئازادی و ئاسوودەییەکی زۆر کرد. بەڵام خێرا بیرم هاتەوە کە من نەهاتوومە ئێرە تاکو پیاسە بکەم یاخود سەیری ئەم دیمەنە جوانە بکەم، بەڵکو بۆ ڕاوماسی هاتووم بۆ ئێرە. دواتر بە درێژایی ڕۆخی ڕووبارەکە ڕۆیشتم و پاش ماوەیەک شوێنێکم هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاوماسی بکەم. بەهەرحاڵ قولابەکەم ئامادە کرد و کرمێکم بە نووکی قولابەکەوە نووساند و دواتر فڕێمدایە ناو ئاو. ماوەیەک وەستام، دواتر هەستم کرد کە شتێک قولابەکەم ڕادەکێشێت، بۆیە خێرا ڕامکێشا و بینیم کە هیچ ماسییەکم نەگرتووە، تاکە شتێک بینیم بریتی بوو لە کرمەکە کە بە نیوەیی خورابوو. دیارە کە ماسییەکە زیرەک بووە و ڕایکردووە، یاخود برسی نەبووە و گرنگی بە تەڵەکەم نەداوە، بەڵام کۆڵم نەدا و هەر بەردەوام بووم.**

دوو سێ شوێنی ترم کردن، بەڵام سوودی نەبوو. بۆیە ڕۆیشتم بۆ چەندرێیانی کاسڵ ستریم بە درێژایی باشووری ڕۆژاوای کاسڵ ڕۆک و بە درێژایی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی کاشواکامەک. لەوێ گەورەترین ماسی سەلەمونم گرت کە تاکو ئێستا بینیبێتم، بەڕاستی گەورە و جوان بوو. ئەگەر تەنیا بەو ماسییە ڕازی بووبام، ئەوا ئێستا پێویستی نەدەکرد کە لەسەر هیچ شتێک بنووسم (ئەمە زۆر لەوە زیاتر دەکێشێت کە چاوەڕێم دەکرد)، بەڵام بە یەک ماسی ڕازی نەبووم. بەهەرحاڵ وەکو باوکم فێری کردم، ئەوا ماسییەکەم لەناو زەمیلەکە هاویشت، شایەنی باسە کە سەرەتا گیای وشکم لەناو زەمینەکە هاویشت، دواتریش ماسییەکەم لەسەر گیا وشکەکە دانا و دوای ئەمەش گیای تەڕم خستە سەر ماسییەکە.

دوای دە خوولەک ڕۆیشتم بۆ ئەو جۆگەیەی (ئێستا بوونی نەماوە و کۆمەڵە خانوویەک لەوێ دروست کراون) کە بەردێکی خۆڵەمێشی گەورە لە ناوەڕاستیدایە، من و باوکم ناومان نابوو بەشی باشوور. زەوی نزیک جۆگەکە پڕ بوو لە فریزوو، شوێنێکی خۆش بوو، بۆیە دانیشتم و قولابەکەم فڕێدایە ناو جۆگەکە، زۆری پێ نەچوو کە ماسییەکی سەلەمونی تریشم گرت، بەڵام وەکو ماسی سەلەمونی یەکەم گەورە نەبوو، قەبارەی بە ئەندازەی پێیەک بوو، بەڵام هەر

باش بوو. بۆیە خاوێنم کردەوە و بە شێوازی ماسی یەکەم خستمە ناو زەمیلەکەوە، دواتر دووبارە قولابەکەم فڕێدایەوە ناو جۆگەکەوە.

ئەم جارەیان خێرا ماسیم نەگرت، بۆیە ڕاکشامە سەر زەوییەکە و سەیری ئاسمانی شینم کرد. هەورەکان بێرە و بەوێدا دەچوون، منیش بۆ کات بەسەربردن خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە شێوەی ئەو هەورانە لە چی دەچێت. ئەسپێکی یەک قۆچم بینی، دواتر کەڵەشێرێک، دواتریش سەگێک کە کەمێک لە کاندی بێڵ دەچوو. لەگەڵ سەیرکردنی هەورەکان هەستم دەکرد کە ماندووم، بۆیە خەو دایگرتم. پاش ماوەیەک هەستم کرد کە شتێک قولابەکەم ڕادەکێشێت، بۆیە لە خەو هەستام و داری قولابەکەم گرت. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە هەستم بە بوونی شتێک کرد لەسەر لووتم، کە سەیرم کرد، ئەوا بینیم کە هەنگێک لەسەر لووتمە ! کە هەنگەکەم بینی، ئەوا خەریک بوو دڵم لە سینگم بێتەوە دەرەوە، بۆ ساتێک پێم وابوو کە لە داخی ترسدا میز بە خۆمدا دەکەم. سەرەڕای ئەوەی کە ترسێکی تەواو منی گرتبوو، بەڵام وریای داری قولابەکەشم بووم، بۆیە قولابەکەم ڕاکێشا تاکو ماسییەکە دارەکەی لەگەڵ خۆی بۆناو ئاو نەبات. بەڵام ماسییەکەم لا گرنگ نەبوو، لەو ساتەدا تاکە شتێک کە بیرم لێ دەکردەوە ئەو هەنگە ڕەش و زەردە بوو کە لەسەر لووتم بوو. ویستم دووری بخەمەوە، بەڵام دەمزانی ئەگەر بەدەستەکانم لێ

بدەم، ئەوا پێمەوە دەدات. بۆیە فووم پێداکرد بەو هیوایەی کە بڕوات. لەگەڵ هەر فوویەک کە دەمکرد خۆی دەجووڵاند، بەڵام لەسەر لووتم هەر نەڕۆیشت، کۆتا جاریش کە فووم لێ کرد دیار بوو کە توڕە بووە بەوەی کە زیاتر دەجووڵا، بۆیە لەو کارەم وەستام. نەمویست زیاتر توڕەی بکەم، چونکە دڵنیا بووم کە ئەگەر وابکەم، ئەوا پێوەی دەدام. ڕێک لەو ساتەدا بیرۆکەیەکی تۆقێنەر بە مێشکمدا هات، وا بیرم کردەوە کە ئەم هەنگە هەمان ئەو هەنگەیە کە (دان)ی برا گەورەمی کوشتووە. دەمزانی کە ئەمە ڕاست نییە بەوەی کە هەنگ زیاتر لە ساڵێک ناژیت (جگە لە شاژنە هەنگەکان، دەربارەی ئەوان دڵنیا نەبووم)، هەروەها هەنگ کاتێک بە کەسێکەوە دەدات، ئەوا ناوسکی دەتەقێت و دواتر دەمرێت، هەرچەندە نۆ ساڵ بووم، بەڵام ئەو ڕاستییە زانستییەم دەزانی. بەڵام ئەو بیرۆکە نەفرەتییە لە مێشکمدا هەر مایەوە، ئەوەش وایکرد ترسێکی زیاتر دامگرێت. شایەنی باسە کە پێشووتر چەندین هەنگ پێیەوە دابووم، بەڵام هەرگیز لە ئەنجامی ئەو پێوەدانانە نەمردووم، تاکە کەسێک کە بیناسم بە هۆی هەنگەوە مردبێت (دان)ی برا گەورەم بوو.

لە کاتێکدا لەسەر لێواری تۆقین بووم، ئەوا گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو کە لە پشتمەوە دەهات، بە ڕاددەیەک دەنگی بەرز بوو کە لە دەنگی تەقینی دەمانچەیەک دەچوو، بەڵام دەمزانی کە تەقینی

دەمانچە نییە. دەنگەکە هی کەسێک بوو کە دەستەکانی لە یەک دەدا، وەکو ئەوەی بڵێیت کە چەپڵە لێ بدات. هەنگەکە بە دەنگەکە ڕاچڵەکی، بۆیە لەسەر لووتم ڕۆیشت و کەوتە سەر ڕانم، دیار بوو کە بە کابۆیەکەمی وەدابوو، لە ئەنجامی ئەمەش مرد. ڕێک لەو ساتەدا شتێک بە توندی قولابەکەمی ڕاکێشا، ئەگەر توندم نەگرتبا، ئەوا لەدەستم دەچوو. قولابەکەم بە توندی ڕاکێشا و پەتەکەم پسا، بەڵام سەرەتا ماسییەکی سەلەمونی گەورە بەدەرکەوت، ئەم ماسییە لە ماسی یەکەم گەورەتر و جوانتر بوو، ڕێک لەو ماسیانە دەچوو کە وێنەیان لەسەر بەرگی گۆڤارەکانی "تی رو" و "مانس ئەدڤێنچەر"ە (ئەم گۆڤارانە لە ساڵانی نێوان چل و پەنجایەکان بوونیان هەبوو- وەرگێڕ). ئیتر ماسییەکە ڕایکرد، بەڵام ئەو ماسییە کۆتا شت بوو کە بیری لێ بکەمەوە. ئاوڕم دایەوە دواوە تاکو ببینم کە کێ چەپڵەی لێ دەدا. لە لێواری دارستانەکە پیاوێک وەستابوو، ڕووخسارێکی درێژ و زەردهەڵگەڕاوی هەبوو، قژێکی تەختی هەبوو کە بە پەستانێکی زۆرەوە دایهێنابوو، لایەکی قژی بە لای ڕاستی سەریدا داهێنابوو، لایەکەی تریشی بە هەمان شێوە.

باڵایەکی ئێجگار درێژی هەبوو، وە قاتێکی ڕەشی سێ پارچەیی لەبەردا بوو. لە ناخی دڵمەوە دەمزانی کە مرۆڤ نییە بەوەی کە

ڕەنگی چاوەکانی پرتەقاڵییەکی تۆخ بوون، نازانم چۆن وەسفی بکەم... وەکو ئەوە وابوو کە ئاگر لە چاوەکانیدا بووبن !

شایەنی باسە کە ڕێک لەو ساتەدا میزم بە خۆمدا کرد، بەڵام ئاگام لەوە نەبوو بەوەی کە تەواوی سەرنجم لەسەر ئەو پیاوە ڕەشپۆشە بوو کە لە دارستانێک هاتە دەرەوە کە درێژی سی میلە، پیاوێک کە قاتێکی ڕەشی جوانی لەبەرە و پێڵاوی پێستی جوانیشی لەپێدان. بە زەردەخەنەوە سەیری کردم کاتێک بە دەنگێکی نزم و خاو گوتی: سڵاو بچکۆل، ئای لەمە ! ئایا پێشووتر بە دیداری یەکتری شاد بووین؟

"سڵاو گەورەم"، ئەمەم بە دەنگێکی گڕ گوت، هەڵبەتە مەبەستم نەبوو کە دەنگی خۆم گڕ بکەم، بەڵام دیار بوو کە بە هۆی ترسەوە وامکردووە، دەمویست لە تەمەنی خۆم گەورەتر دەربکەوم تاکو ڕێگەم پێ بدات بڕۆم. وا خۆم نیشان دەدا کە چاوە ئاگرینەکانی نابینم، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەمویست وازم لێ بێنێت و لەوێ بڕۆم، نەمدەویست سەیری چاوە ئاگرینەکانی بکەم.

دواتر گوتی: باش بوو کە ئاگادارم کردیتەوە، ئەگینا هەنگەکە پێیەوە دەدایت. لەگەڵ گوتنی ئەمە هاتە خوارەوە و لە من نزیک دەبۆوە، بەمە زۆر ترسام. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەگەڵ ڕۆیشتنی

هیچ شوێن پێیەکی جێ نەدەهێشت، تەنانەت کاتێک پێی لەو گیایانە دەنا، ئەوە هیچیان بە ئەندازەیەکیش نەدەچەمانەوە، بینینی ئەوە بەڕاستی تۆقێنەر بوو .

کاتێک بە ئەندازەیەکی پێویست لێم نزیک بۆوە، ئەوا بۆنی جەستەم ئەوم بۆ هات، بۆنی لە بۆنی شقارتەی سووتاو دەچوو، ڕێک بەمە هەموو شتێک بۆ دەرکەوت. ئەو پیاوە ڕەشپۆشە شەیتان بوو ! چونکە لە ئینجیلدا باسکراوە کە شەیتان بۆنی شقارتەی سووتاوی لێ دێت (هەڵبەتە لە ئینجیلدا باس لەوە کراوە کە بۆنەکەی لە بۆنی شقارتەی سووتاوەوە نزیکە، ئەگینا خودی بۆنی شقارتەی سووتاو نییە-وەرگێڕ). کاتێک بە تەواوی نزیک بۆوە، ئەوا دەستەکان و پەنجەکانیشم بینی، پەنجەکانی زۆر درێژ و زەردەهەڵگەڕاو بوون. کاتێک لێم نزیک بۆوە، ئەوا دانیشت و دەستەکانی خستە پێش ئەژنۆیەکانی، کاتێکیش کە نینۆکەکانیم بینی، ئەوا بە تەواوی حەپەسام ! چونکە ئەوانە نینۆک نەبوون، بەڵکو ئەوانە چنگێکی مەیلەو زەرد بوون!

دوای ئەوەی کە دانیشت، ئەوا بە دەنگێکی خاو گوتی: وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە بچکۆل، ئایا پێشووتر بە دیداری یەکتری شاد بووین؟

**لە دڵی خۆمدا دەمگوت: تکایە ئازارم مەدە!**

**ناتوانم وەسفی ترسەکەم بکەم، بەڵام دڵنیابن کە زۆر لەوە زیاتر بووە لەوەی کە ئێستا دەینووسم و باسی دەکەم. خۆزگەم دەخواست کە ئەوەی بینیم تەنیا خەونێکی ناخۆش بووبێت، بەڵام ئەوە خەون نەبوو. ئەوەی ئەو ڕۆژە بینیم خودی شەیتان بوو!**

**کاتێک گوتم "تکایە ئازارم مەدە"، ئەوا وامزانی تەنیا لە دڵی خۆمدا گوتوومە، بەڵام لە ڕاستیدا بە دەنگێکی نزمەوە لە دەمم دەرچوو، وا خۆی دەرخست کە گوێی لەوە نەبوو، بەڵام دڵنیام کە گوێی لێ بوو.**

**دواتر گوتی: بۆنی شتێک دەکەم، بۆنی شتێکی تەڕ دەکەم. دواتر زیاتر لێم نزیک بۆوە و لووتی لە پانتۆڵەکەم نزیک کردەوە و بە تووندی بۆنی کرد. کاتێک لێم نزیک بۆوە، ئەوا سەرنجم ڕۆیشتە سەر ئەو فریزوویەی کە سەرەتا لەسەری دانیشتبوو، ڕەنگی فریزوویەکە بە تەواوی زەردهەڵگەڕاو بوو و مردبوو. لە کاتێکدا کە بۆنی پانتۆڵە تەڕەکەمی دەکرد، ئەوا چاوەکانی بە نیوەی داخست بوون، وەکو ئەوەی بڵێیت کە سەرنجی تەنیا لەسەر بۆنەکە بووبێت.**

**دواتر چاوەکانی بە تەواوی کردەوە و سەری بۆ دواوە برد، دوای ئەمە گوتی: ئای لەمە، میزت بە خۆتدا کردووە!**

لەگەڵ گوتنی ئەمە لەسەر پشتی ڕاکشایە سەر زەوی و قاقا پێدەکەنی، لە پێکەنینی شێتێک دەچوو.

ویستم ڕابکەم، بەڵام پێیەکانم لە داخی ترس ڕەق بووبوون. هەرچەندە میزم بە خۆمدا کردبوو، بەڵام نەدەگریام، بە ڕادەیەک ترسابووم کە بیرم بۆ گریان نەدەچوو. لەپڕ بیرم بۆ شتێک چوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەمکوژێت، ئەم بیرە خێرا لە مێشکمدا چەسپی، دەمزانی کە دەمرم، بە شێوەیەکی دەمرم کە پڕ ئازار بێت. بەڵام دواتر بیرێکی تر بە مێشکم داهات، بیرم کردەوە کە لە مەرگ ناترسم، بەڵکو لە دوای مەرگ دەترسم.

بەهەرحاڵ دواتر لە پێکەنین وەستا و دانیشت، لەگەڵ هەستانەوەکەی بۆنی شقارتەی سووتاو دەهات، بۆنەکەی بە ڕادەیەک توند بوو کە خەریک بوو بخنکێم.

دواتر گوتی: هەواڵی ناخۆشم بۆت پێیە بچکۆل، دایکت مردووە.

منیش بە دەنگێکی بەرز و پڕ ئازارەوە گوتم: نەخێر!

لە کاتێکدا ئەمەم گوت، ئەوا ڕێک وێنایی دایکم کرد، وەکو وێنەیەک، وەکو کەسێک کە پێشبینی دەکەیت جارێکی تر بیبینیتەوە، بەڵام

هەرگیز نایبینیتەوە. دواتر بەردەوام بووم: نەخێر ! درۆ دەکەیت ! ئەو نەمردووە!

زەردەخەنەیەکی خەماوی لێوەکانی گرت، لە کەسێک دەچوو کە زۆرجار پێی دەگوترێت کە درۆ دەکەیت، دواتر گوتی: بەداخەوە درۆ ناکەم، دایکت وەکو برایەکەت بە هۆی هەنگێکەوە مرد گرەی.

منیش دەستم بە گریان کرد و گوتم: نەخێر، ئەمە ڕاست نییە ! ئەو پیرە و تەمەنی سی و پێنج ساڵە، ئەگەر وەکو دان بە هەنگێک مردبێت، ئەوا دەبوایە زووتر مردبا بەوەی کە پێشووتر چەندین هەنگ پێیەوە داوە، تۆ درۆ دەکەیت هەی درۆزنی چەپەڵ!

بە شەیتانم گوت درۆزنی چەپەڵ، تاکو ڕاددەیەک ئاگام لەم قسەیەم بوو، بەڵام بە گشتی تێکچووم کاتێک گوتی کە دایکم مردووە. ئەوەی سەیرە باوەڕم بەو قسەیەی کرد، لە ڕاستیدا بەو ڕاددەیەش سەیر نییە بەوەی کە مرۆڤەکان هەمیشە باوەڕ بەو شتانە دەکەن کە لە ڕوودانیان دەترسن.

پیاوە ڕەشپۆشەکە وا خۆی دەرخست کە دەیەوێت دڵنەواییم بداتەوە، بەڵام نەیزانی چۆن، ویستی بە خەمەوە قسە بکات، بەڵام نەیتوانی، چونکە لە کۆتاییدا ئەو شەیتان بوو، دەشمزانی کە چێژ لەم حاڵەم دەبینێت. بەهەرحاڵ دواتر گوتی: لە دڵتەنگیت تێدەگەم

بچکۆل، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە ئەمەی دەیڵێم ڕاستییە. شتێک کە بڕوای پێنەکەیت مانای ئەوە نییە کە ڕاست نییە، دایکیشت...

ڕێک لەو ساتەدا ماسی سەلەمونێک دەرکەوت، ماسییەکە لەناو ئاوەکە بازیدا و بۆ چرکەیەک لە هەوادا مایەوە، پیاوەکەش سەیری کرد و بە پەنجەی ئاماژەی پێدا، هەر کە ئەمەی کرد... ئەوا ماسییەکە ڕێک مرد و ڕەنگی گۆڕا بۆ ڕەنگێکی خۆڵەمێشی. دواتریش بە مردوویی کەوتە سەر ڕووی ڕووبارەکە و بەر بەردە خۆڵەمێشییەکە کەوت، دوو سێ جاریش ئاوەکە وای لێکرد بە دەوری بەردەکەدا بسوورێتەوە و لە کۆتاییشدا تەوژمی ئاوەکە بەرەو "کاسڵ ڕۆک"ی برد.

دواتر پیاوەکە ڕووی کردەوە من و زەردەخەنەی کرد، ددانە تیژەکانیشی دەرکەوتن، لە ددانی مرۆڤخۆرێک دەچوون.

دواتر گوتی: لە ڕاستیدا دایکت پێشووتر هیچ هەنگێک پێیەوە نەدابوو، بەڵام کاتژمێرێک پێش ئێستا هەنگێک لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە ڕۆیشتە ژوورەوە و بە دایکتییەوە دا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە کێکەکەی لە فڕن دەردەهێنا و دواتر لەسەر مێزەکەی دانا تاکو سارد ببێتەوە .

-نەخێر، ئەمە درۆیە! گوێ لەمە ناگرم!

دەستەکانم بەرز کردەوە و لەسەر هەردوو گوێیەکانم دانا بۆ ئەوەی هیچ نەبیستم، ئەویش فوویەکی لێ کردم کە وای کرد خەریک بوو بخنکێم، بۆنی دەمی ئێجگار ناخۆش بوو، لە بۆنی لاشەیەکی مردوو دەچوو.

کە بۆنی دەمی ئەوم بۆ هات، ئەوا ڕێک دەستەکانم لابرد و لەسەر لووتم دانان .

-بەم شێوەیە باشە، پێویستە گوێم لێ بگریت گرەی.

دایکت هەستیاری (حەساسیەت-وەرگێڕ) بەرامبەر هەنگ هەبوو، (دان)یش بە هەمان شێوە، ئەو ئەم هەستیارییەی لە دایکتەوە بۆ مایەوە. بەڵام باوکت هەستیار نەبوو، تۆش وەکو باوکت هەستیار نیت، برا داماوەکەت لەم بۆماوەیە هیچی بۆ نەهات، بۆیە مرد. دواتر زەردەخەنەی کرد و گوتی: بەڵام ئەگەر بیری لێ بکەیتەوە، ئەوەی بەسەر دایکتدا هات دادپەروەرانە بوو، چونکە ئەو بوو کە بۆماوەی خۆی بۆ دان گواستەوە. ڕێک وەکو ئەوە وایە کە خۆی ئەوی کوشتبێت.

بە دەنگێکی نزم گوتم: نەخێر، نەخێر، ئەمە مەحاڵە.

ئەویش گوتی: دڵنیات دەکەمەوە کە ئەمەی دەیڵێم ڕاستییە، هەنگەکە لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە ڕۆیشتە ژوورەوە و لەسەر ملی دایکت نیشتەوە. دایکیشت دەستی لێدا بۆ ئەوەی دووری بخاتەوە، بە پێچەوانەی تۆ کە دانا بوویت و کارێکی وات نەکرد، بۆیە هەنگەکە پێیوەدا. دوای ئەوەی کە هەنگەکە پێیوەدا، ئەوا قورگی دایگت گیرا، ئەوانەی کە بە ژەهری هەنگ هەستیارن وایان بەسەر دێت. ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ڕووخساری دان مۆرهەڵگەڕابوو، هەر لەبەر ئەمە بوو کە وایکرد باوکت کراسەکەی بەسەر ڕووخساریدا بدات تاکو هیچ کەسێک نەیبینێت.

دوای ئەم قسانەی زمانم گیرا بوو و نەمدەزانی بڵێم چی، چاوەکانم فرمێسکییان پێدا دەهات و دڵم توند بووبوو. نەمدەویست کە بڕوای پێ بکەم، وە لە کڵێساش فێری ئەوە کرابووم کە بزانم شەیتان باوکی درۆزنەکانە، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و بڕوام پێ کرد. وا وێنام کرد کە ئەو لە بەردەم پەنجەرەکەوە وەستابوو و سەیری دایکمی دەکرد کە دەمرد، دایکم کەوتە سەر زەوی و (کاندی بێڵ)یش بە دەوریدا دەسووڕایەوە و دەیوەڕاند (بەم شێوەیە وێنای دیمەنەکەم دەکرد)

"جێی داخە کە دەڵێم ناڵەیەکی ئازاری بەرزی نواند"، پیاوە ڕەشپۆشەکە ئەمەی گوت، "ڕووخساریشی بە نینۆکەکانی بە تەواوی

بریندار کردبوو بەوەی کە هەناسەی بۆ نەدەهات، چاوەکانی وەکو چاوی بۆق دەرهاتبوون و دەگریا. دوای ئەم قسانە کەمێک وەستا و دواتر دەستی پێکردەوە، "تاکو کۆتا ساتەکانی هەر دەگریا، ئایا ئەمە سەرنجڕاکێش نییە؟."

بەڵام لە هەمووی خۆشتر دەزانیت چییە؟ دوای ئەوەی کە مرد، ئەوا کاندی بێڵ بە زمانی فرمێسکەکانی دایکی مردووی تۆی دەلێسایەوە.

بۆ ساتێک بە ڕووخسارێکی خەماوییەوە سەیری جۆگەکەی کرد، دیار بوو کە بیری لە شتێک دەکردەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە دووبارە ڕووی لە من کردەوە، هەر کە ڕووی لە من کرد، ئەوا خەمی لەسەر ڕووخساری لابرد و حاڵەتێکی تەمبەڵی بە ڕووخساریدا، ڕێک لە کەسێک دەچوو کە بە هۆی برسییەتەوە مردووە. لە کاتێکدا دەمی کردەوە، ئەوا ددانە تیژەکانیم بینی، وە چاوە پرتەقاڵییە تۆخەکەیم بینی کە چۆن ئاگری تێ بەربوو بوو. دواتر گوتی: زۆرم برسییە، لەگەڵ گوتنی ئەمە لەپڕ شتێکی تریشی گوت: تۆ دەکوژم و ناوەوەت هەڵدەدڕم، دواتریش دەتخۆم هەی بچکۆڵ، ئەوەت پێ چۆنە؟

دەمزانی کە ئەم قسەیەی بەڕاستییە، دەمزانی کە ئامادەیە بمکوژێت و دواتر بمخوات.

ویستم بڵێم: نەخێر، تکایە مەمکوژە، تکایە، بەڵام هیچ دەنگێکم لێوە دەرنەهات.

دواتر گوتی: زۆرم برســـــییە. دواتر دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: دڵنیات دەکەمەوە کە ناتەوێت بێ دایکی ئازیزیت بژیت، دڵنیابە کە باوکیشت ناتوانێت وەکو دایکت بەخێوت بکات و خۆشەویستیت پێ ببەخشێت، بۆیە لە دەستی ئەم ناڕەحەتییانە ڕزگارت دەکەم. وە بیری لێ بکەوە... ڕوحت دەچێت بۆ بەهەشت، چونکە هەموو کەسێکی کوژراو ڕوحی دەچێت بۆ بەهەشت. بەم شێوەیە هەردووکمان خزمەتی خودا دەکەین.

دوای ئەمە ویستی دەست پێبکات، بۆیە دەستی بۆ لای من درێژ کردەوە تاکو بمکوژێت، منیش بێ ئەوەی بیر بکەمەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ سەری زەمیلەکەم کردەوە و ماسییە گەورەکەم دەرهێنا. پیاوەکە کە ماسییەکەی بینی، ئەوا چاوەکانی زەق بوون و خەریک بوو لیک بە دەمیدا بێتە خوارەوە، دواتر بە شێوەیەکی چەپەڵانە گوتی: ماســـــــــــی، ئەم ماسییە زۆر خۆش دیارە!

بە خێراییەکی زۆر ماسییەکەی لێ سەندم، دواتر دەمی کردەوە، لە ژیانمدا نەمبینی بوو کە کەسێک دەمی بەو ڕاددەیە گەورە بێت، هەڵبەتە بۆ مرۆڤ مەحاڵە. دوای ئەوەی کە دەمی کردەوە، ئەوا

ماسییەکەی قوتدا. دوای چەندین ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا کاتێک تەمەنم شەست و پێنج ساڵ بوو (باش بیرمە کە شەست و پێنج ساڵ بووم بەوەی کە ئەو ساڵە خانەنیشین بووم) سەردانی پێشانگای زیندەوەرانی "نو ئینگڵەند"م کرد، لەوێ ماسییەکی قرشم بینی. دەمی پیاوە ڕەشپۆشەکە بە کراوەیی لە دەمی ئەو ماسی قرشە دەچوو، بەڵام بە پێچەوانەی ماسی قرشەکە ناوەوەی دەمی پیاوە ڕەشپۆشەکە وەکو ئاگر وابوو، ڕێک وەکو چاوە تۆقێنەرەکانی. کاتێک دەمی بە تەواوی کردەوە، ئەوا هەستم بە تینێکی گەرمای توند کرد کە لە ناوەوییەوە هاتە دەرەوە، بەهەرحاڵ ماسییەکەی قوتدا بێ ئەوەی ددانەکانی لێ بدات یاخود بە هێواشی بیخوات، بەڵکو بە یەک جار ئەو ماسییە گەورەی قوتدا.

ئاشکرا بوو کە ئەم کارەی زیانی بە قورگی گەیاند بەوەی کە قورگی هەڵاوسابوو، وە فرمێسکیش لە چاوەکانی هاتنە دەرەوە، ئەوانە فرمێسکی ئازار بوون. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە فرمێسکەکانی ئاسایی نەبوون، بەڵکو فرمێسکەکانی توند بوون و ڕەنگێکی سووری تۆخی خوێناوییان هەبوو.

کاتێک فرمێسکەکانی ئەوم بینی، ئەوا وزەم بۆ هاتەوە، هەڵبەتە وابزانم ئەوە هۆکارەکەی بوو. هەستامە سەر پێیەکانم و بەو پەڕی

تواناوە ڕامکرد، شایەنی باسیشە کە هێشتا داری قولابەکەم لە دەستدابوو. بەهەرحاڵ بە خێراییەکی زۆر لە ڕۆخی ڕووبارەکە دوورکەوتمەوە، چەند جارێکیش بەربوومەوە، بەڵام هەر وزەم بە خۆم دەدا تاکو هەستمەوە. کە بینی ڕادەکەم، ئەوا دەنگێکی سەیر و تووڕەی نواند (بۆیە دەڵێم سەیر بەوەی کە ئەو کات دەمی پڕ بوو)، کاتێک سەیری دواوەم کرد، ئەوا بینیم کە بە ڕاکردنەوە بە دوامەوەیە. بینیم کە چۆن بەو قاتە ڕەشەی بە دوام دەکەوێت، وە چۆن ڕادەکات لە کاتێکدا هێشتا کلکی ماسییەکە لە دەمیدایە، کاتێکیش نزیک بۆوە بۆنی ماسی ناوسکیم بۆ هات، ناوەوەی پیاوەکە بە ڕاددەیەک گەرم بووە کە ماسییەکەی برژاند بوو، بەڵێ... بۆنی ماسی برژاوم بۆ دەهات.

بە ڕاکردن سەد یاردم بڕی، ئەو هێشتا بە دوامەوە بوو، بۆیە دەستم کرد بە هاوارکردن، ئەمە هاواری ترس بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هاواری خەم بوو بەوەی کە وامدەزانی دایکی جوانم بەڕاستی مردووە.

هەر ڕامکرد و ڕامکرد، چیتر سەیری دواوەم نەکرد تاکو بزانم ئایا بە دوامەوەیە یان نا، بەڵکو سەری خۆم نزم کرد و بەوپەڕی تواناوە ڕامکرد. لەگەڵ هەر پێیەک کە دەمبڕی چاوەڕێی ئەوەم دەکرد

دەستێکی لەسەر شانم دانێت و بمگرێت، هەڵبەتە ئەمە لە ڕاستییەوە نزیک بوو بەوەی کە هێشتا بە دوامەوە بوو.

بەڵام ئەوەی لێی دەترسام ڕووی نەدا، سوپاس بۆ خوا. بەهەرحاڵ دوای پێنج یان دە خوولەک (درێژترین ماوەی ژیانم) پردەکەم بینی، بۆیە بەرەو ئەویّ ڕامکرد، شایەنی باسە کە هێشتا هەر هاوارم دەکرد، بەڵام دەنگم بە تەواوی نووسابوو، هەر کەسێک گوێی لە دەنگم بووبا وایدەزانی کە ئەوە دەنگی کوڵانی کتری ئاوە. لە نێوان من و پردەکەدا ڕۆخێکی ڕووباری تر هەبوو، بۆیە لەسەر لایەکی ڕۆیشتمە خوارەوە و بە لایەکەی تریشدا سەرکەوتم. کاتێک گەیشتمە نیوەی بەرزاییەکە هەڵخلیسکام و کەوتمە سەر ئەژنۆیەکانم، دواتر بۆ ساتێک سەیری دواوەم کرد و بینیم کە پیاوە ڕەشپۆشەکە زۆر لێم نزیکە. بینیم کە زۆر تووڕەیە، وە فرمێسکە خوێناوییەکانی ڕژاونەتە سەر ڕوومەتی و دەمیشی بە تەواوی کردۆتەوە.

بە تووڕەیی بانگی کردم و دواتر بەسەر ڕۆخی ڕووبارەکەدا سەرکەوت، بە دەستێکی پێی گرتم، بەڵام توانیم خۆم ڕزگار بکەم و دواتریش داری قولابەکەم پێدادا، کە ئەمەم ئەنجامدا بەربۆوە و دواتریش بە شێوەیەک لە شێوەکان قولابەکە لە پێیەکانی ئاڵابوون،

ئەمەش وایکرد بکەوێتە سەر زەوی. لە سەرووی ڕۆخەکە خەریک بوو هەڵخلیسکێم، بەڵام توانیم خۆم بە پایەیەکی پردەکە بگرم و بڕۆمە سەرەوە.

کە ڕۆیشتمە سەرەوە پیاوە ڕەشپۆشەکە بە تووڕەییەوە، وە لە هەمان کاتیشدا بە پێکەنینەوە گوتی: ناتوانیت ڕابکەیت هەی بچکۆل، ماسییەک بەس نییە بۆ ئەوەی پێی تێر بم!

منیش هاوارم کرد و گوتم: وازم لێ بهێنە!

دوای ئەمە سەرکەوتمە سەر دەستگری پردەکە و بە شێوەیەکی گەمژانە خۆم لەسەری فڕێدا، بە شێوەیەکی خراپ کەوتم و هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد. بەڵام نەمویست لەوێ پاڵ بدەمەوە و هیچ نەکەم، بۆیە کەوتمە سەر زگم و دەستم کرد بە سکەخشێ. دواتر وزەم بە خۆم دایەوە و هەستامەوە سەر پێیەکانم. کە گەیشتمە کۆتایی پردەکە کەوتم، دووبارە هەستامەوە و دەستم بە ڕاکردن کردەوە. ئیتر بەم شێوەیە بە خێراییەک کە لە خێرایی با دەچوو ڕامکرد. ڕامکرد تاکو چاوەکانم خەریک بوو بێنە دەرەوە، ڕامکرد تاکو هەستم بە سووربوونەوەی لایەکم کرد لە پەراسووەکانمەوە تاکو ژێر بن هەنگڵم، ڕامکرد تاکو هەستم بە بوونی خوێن و شتێک کرد کە لە تامی ئاسن دەچوو لە قورگمدا. لە کۆتاییدا توانای ڕاکردنم

ئەما، شەکەت و ماندوو بووم، بۆیە کاتێک وەستام سەیری دواوەم کرد تاکو پیاوە ڕەشپۆشەکە ببینم، دڵنیابووم کە هێشتا بە دوامەوەیە و دەمگرێت، بەڵام پیاوە ڕەشپۆشەکە دیار نەبوو. ڕێگا چۆڵ بوو، بەڵام هەستم بە بوونی دەکرد. دەمزانی کە لە شوێنێکی ئەو دارستانە خۆی شاردۆتەوە و وا سەیرم دەکات.

ڕووم لە دواوە وەرگێڕا و دووبارە دەستم بە ڕۆیشتن کردەوە، شایەنی باسە کە بۆ بەیانی داهاتوو لە خەو هەستام هەستم بە کاریگەری ئەو ڕۆژە کرد، شەکەت و ماندوو بووبووم، پێیەکانم ئازاریان دەدام و جەستەم ڕەق بووبوو. پێش ئەو ڕۆژە وامدەزانی کە ورچی دارستان ترسناکترین شتە کە تووشی بین، بەڵام هەڵە بووم، چونکە لەو ترسناکتر هەبوو.

دوای ئەوەی کە میلێکم بڕی و لە شارۆچکە نزیک بوومەوە، ئەوا باوکم بینی کە بەرەو ڕووی من دەهات. تێبینیم کرد کە زەمیلە و تووڵەکەی بەدەستەوە بوو و گۆرانی دەگوت. هەر کە ئەوم بینی، ئەوا ڕێک بەرەو لای ئەو ڕامکرد و بە هاوارەوە دەمگوت: باوکە ! باوکە ! باوکە!

هەر کە بینی بەرەو لای ئەو بە هاوارەوە ڕادەکەم، ئەوا تووڵ و زەمیلەکەی دانا و بەوپەڕی خێرایی بەرەو لای من ڕایدەکرد. هەرگیز

**نەمبینی بوو باوکم بەو خێراییە ڕابکات، کاتێکیش بە یەک گەیشتین لام سەیر بوو کە ئەو بەریەککەوتنە توندە هەردووکمانی نەخستە سەر زەوی، بە ڕاددەیەکی وەها توند خۆم پێدادا کە لووتم بەر ئاسنی قایشەکەی کەوت و خوێنی پێداهات، هەڵبەتە ئەو کات هەستم بەوە نەکردبوو. کە پێی گەیشتم بە شێوەیەکی توند باوەشم پێیدا کرد، ڕووخسارم هەر بە ئەوێ و ئەوێی سکیدا دەخشاند تاکو وای لێ هات کە کراسی کرێکارییە شینەکەی بە هۆی منەوە پڕ بێت لە خوێن و فرمێسک و چڵم.**

زۆری پێ نەچوو کە باوکم پرسی: چی بووە گرەی؟ شتێک ڕوویداوە؟ ئایا باشیت؟

بە گریانەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: دایکم مردووە ! ئەو پیاوەی دارستان گوتی کە مردووە ! گوتی کە هەنگێک پێیەوە داوە و دواتر بە هۆی هەستیارییەوە قورگی هەڵاوساوە و خنکاوە!

لە کاتێکدا کە دەگریام، ئەوا باوکم بە ڕووخسارێکی نیگەرانەوە سەیری دەکردم، ناحەقیشی نەبوو بەوەی کە بە دەنگێکی بەرز دەمناڵاند.

دوای ئەوەی کە لە گریان وەستام، ئەوا بۆ ساتێک سەیری دواوەم کرد تاکو دڵنیابم کە پیاوە ڕەشپۆشەکە بەدوامەوە نییە، سوپاس بۆ خوا ڕێگا چۆڵ بوو. دوای ئەمە بەڵێنم دا کە هەرگیز نەگەڕێمەوە ئەو دارستانە، بەڵام بۆ بەدبەختیم دوای دوو کاتژمێر ڕێگام کەوتەوە ئەوێ. شایەنی باسە کە وەستانی گریانەکەم زۆری نەخایاند بەوەی کە کاتێک بیرم لە دایکم کردەوە، ئەوا دووبارە دەستم کردەوە بە گریان.

دوای چەند ساتێک دەستی خستە ژێر چەناگەم و سەری بەرز کردمەوە، دواتریش گوتی: دایکت زیندووە و هیچ کێشەیەکی نییە.

**که ئەمەی گوت هێشتا چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون، که ئەمەی گوت باوەڕم پێ نەکرد.**

**نازانم که چ کەسێکی نەخۆش پێی گوتوویت که دایکت مردووە، بەڵام سوێند دەخۆم که دایکت زیندووە .**

**-بەڵام ئەو گوتی ...**

**-لام گرنگ نییە که "ئەو" چی گوتووە، دایکت کێشەی نییە. کارەکەم لەگەڵ ئێڤرشام زوو تەواو بوو، نەیدەوسیت هیچ کام لە مانگایەکانی بفرۆشێت، بۆیە گەڕامەوە و ویستم بێمە لای تۆ. بۆیە قولاب و زەمیلەکەم لەگەڵ خۆم هێنا، وە شتێکی تریش... دایکت شیرینییەکی خۆشی بۆ ئامادە کردووین.**

**نیو کاتژمێر پێش ئێستا لای ئەو بووم، دڵنیات دەکەمەوە که هیچ کێشەیەکی نییە. ئێستا پێم بڵێ ئەو پیاوە کێ بووە که شتێکی لەم شێوەیەی پێ گوتوویت؟ لە کوێیە؟ پێم بڵێ تاکو بڕۆم و هەرچی ئێسکی جەستەی هەیە بیشکێنم.**

**لەو ساتەدا بیرم لە هەزار شت کردەوە، هەڵبەتە وابزانم. بەهەرحاڵ کاتێک گوێم لەوە بوو زۆر نیگەران بووم، چونکە دەمزانی که ئەگەر باوکم ڕووبەڕووی پیاوە ڕەشپۆشەکە ببێتەوە، ئەوا پێی ناوێرێت .**

-گرەی؟

-نازانم، بیرم نییە .

-لەو شوێنە بوویت کە جۆگەکە دەبێت بە دوو کەرت، ئەوەی لای بەردە گەورەکە؟

هەرگیز نەمتوانیوە درۆ لەگەڵ باوکم بکەم، بۆیە ناچار بووم کە ڕاستییەکەی پێ بڵێم: بەڵێ، بەڵام تکایە مەڕۆ بۆ ئەوێ.

لە کاتێکدا ئەمەم گوت کە دەستەکانی ئەوم بە توندی گرتبوون، دووبارە جەختم کردەوە: تکایە مەڕۆ. ڕێک لەو ساتەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات تاکو لەوێ دووری بخەمەوە، گوتم: وابزانم دەمانچەی پێ بوو.

بە نیگایەکی قووڵەوە سەیری کردم، دواتر گوتی: لەوانەیە ئەوێ هیچ کەسێکی لێ نەبووبێت و لە کاتی ڕاوماسیدا خەوت لێ کەوتبێت، دواتریش خەونێکی ناخۆشت بینیوە، ڕێک وەکو ئەو خەونانەی زستانی ڕابردوو کە تێیدا (دان)ت دەبینی.

مەبەستی لەوە بوو کە دوای ئەوەی دان مرد، ئەوا هەموو شەوێک خەونی ناخۆشم دەربارەی ئەو دەبینی. لە خەومدا ڕووخساری (دان)م دەبینی کە مۆرهەڵگەڕابوو، لە شوێنی خۆی وەستابوو و هەر سەیری دەکردم، لە ئاکامی ئەم خەونە ناخۆشانە هەموو شەوێک بە گریانەوە

هەڵدەستام و دایک و باوکیشم گوێیان لە گریانی من دەبوو. ڕاستە کە لای جۆگەکە خەوم لێ کەوت، بەڵام ئەوەی بینیم خەون نەبوو، ڕاستە کە ئەو پیاوەی باسم کرد هێزێکی جادووگەرانەی هەبوو، بەڵام دڵنیام کە بوونی ئەو ڕاست بوو. بەڵام بیرم لە شتێک کردەوە، ئەگەر باوکم پێی وابێت ئەوەی بینیومە تەنیا خەونێک بووە، ئەوا وا باشترە، بۆ ئەو باشترە .

-لەوانەیە خەون بووبێت .

-بەهەرحاڵ دەبێت بڕۆین تووڵ و زەمیلەکەت بدۆزینەوە .

باوکم ڕێک ویستی بەرەو دارستانەکە بڕوات، بەڵام قۆڵیم گرت و گوتم: دواتر، جارێ دەمەوێت بڕۆم دایکم ببینم، دەمەوێت بە چاوەکانی خۆم سەلامەتی ئەو ببینم.

بۆ ساتێک وەستا و بیری کردەوە، دواتر سەری ڕازی بوونی وەشاند و گوتی: ڕاست دەکەیت، زۆر باشە... کەوایە سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە و دواتر تووڵ و زەمیلەکەت دەدۆزینەوە.

بۆیە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، زەمیلەکەم بۆ هەڵگرت و وەکو دوو هاوڕێ بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، وە لە هەمان کاتیشدا ئەو شیرینییەمان خوارد کە دایکم بۆی ئامادە کردبووین. دواتر پرسی: هیچت ڕاو کرد؟

-بەڵێ گەورەم، ماسییەکی سەلەمونی باشم ڕاوکرد (بەڵام بۆم باسی ماسی یەکەم نەکرد بەوەی کە دام بە پیاوە ڕەشپۆشەکە تاکو نەمخوات، سەریشی گرت... بە ئەستەم سەری گرت)

-هەر یەک دانە، هیچی ترت ڕاو نەکرد؟

-دوای ئەوە خەوم لێ کەوت .

ئەمەی گوتم وەڵام نەبوو، بەڵام درۆش نەبوو.

کاتێک لە خانووەکەمان نزیک بووینەوە، ئەوا کاندی بێڵ بە بینینمان دڵخۆش بوو و هەر دەیوەڕاند، منیش لە باوکم جیا بوومەوە و بە ڕاکردنەوە ڕۆیشتمە ژوورەوە. هێشتا لەو بڕوایە دابووم کە دایکم مردووە و لاشەکەی لەسەر زەوییە، بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو بەوەی کە لە چێشتخانەکە وەستابوو. سەیری پشتەوەی کرد و پێی سەیر بوو کە منی بەو شێوەیە بینی، یاخود با بڵێم ترسا کاتێک منی بەو شێوەیە بینی. - کێشە چییە گرەی؟ چی بووە؟

وەڵامم نەدایەوە، بەڵکو بۆ لای ئەو ڕامکرد و لە باوەشم گرت و تێر ماچم کرد. ڕێک لەو ساتەدا باوکم هات و گوتی: کێشەی نییە، هەر ئەوەیە دووبارە خەونێکی ناخۆشی بینیوە. دایکیشم لە وەڵامدا گوتی: بە ویستی خودا ئەمە کۆتا خەونی ناخۆشی دەبێت.

دوای ئەمە باوەشێکی گەرمی لێ دام و (کاندی بێڵ)یش بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە بە دەورماندا دەسووڕایەوە.

دوای ئەمە ڕووم کردە لای باوکم و ئەویش گوتی: ئەگەر حەز ناکەیت، ئەوا مەیە گرەی. هەڵبەتە بڕوای وابوو کە باشترە لەگەڵی بڕۆم تاکو ڕووبەڕووی ترسەکەم ببمەوە. مەحاڵ بوو کە بڕوا بە باوکم بهێنم کە ئەوەی بینیم شەیتان بوو، بەڵام کێ ئامادەیە بڕوا بە منداڵێکی نۆ ساڵان بکات کە دەڵێت شەیتانی بینیوە؟

-زۆر باشە، لەگەڵت دێم .

دواتر هەردووکمان چووینە دەرەوە، سەرەتا ویستم بڕۆم شتێک بهێنم، بۆیە باوکم جێهێشت و دواتر ڕۆیشتمەوە لای. کاتێک لە خانووەکە دوورکەوتمە باوکم بینی کە چاوەڕێی دەکردم، کە ڕۆیشتمە لای ڕێک ئەمەی لێ پرسیم: ئەوە چییە کە لە پشتتەوە شاردووتەوە؟

پێش ئەوەی بڕۆم ویستم خۆم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شەیتان ئامادە بکەم، بۆیە ڕۆیشتم تاکو ئینجیلەکەی دایکم بهێنم و لە ڕێگەیەوە بەرگری لە خۆمان بکەم.

دوای ئەوەی کە باوکم پرسی، ئەوا ئینجیلەکەم پێدا و سەیری کرد، دواتر گوتی: ئایا دایکت دەزانێت کە ئەمەت بردووە؟

- نەخێر گەورەم.

-هیوادارم تاکو دەگەڕێینەوە هەست بە ون بوونی نەکات، باش وریای ببە.

بە ڕێگادا ڕۆیشتین و لە شوێنی مەبەست نزیک بووینەوە، لەسەر پردەکە قولابەکەم دۆزییەوە و هەڵمگرت، دواتریش گەیشتینە لای جۆگەکە، ئەو شوێنەی کە پیاوە ڕەشپۆشەکەی لێ بوو. کاتێک گەیشتینە ئەوێ بینیمان کە زەمیلەکە سەراوژێر کرابوو، کە ئەمەمان بینی من و باوکم بێدەنگ بووین، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بێدەنگ بووین.

شایەنی باسە کە پێش ئەوەی لە جۆگەکە نزیک ببینەوە، ئەوا ئینجیلەکەم بە توندی بە دەستەوە گرتبوو، ترسێکی زۆر دایگرتبووم.

دواتر باوکم بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: لێرە بمێنەوە.

باوکم ڕۆیشتە ناو دارستانەکە و دوای ماوەیەک گەڕایەوە، لەو ماوەیەی کە دیار نەما لە داخی ترسدا ئاگام لە هیچ شتێک نەبوو، بە ڕادەیەک ترسابووم کە ئاگام لە دەوروبەرم نەمابوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا باوکم زوو گەڕایەوە. لە ڕێگای گەڕانەوەی سەیری ئەو گیا مردووانەی کرد (گیا مردووەکان لە شێوەیەی مرۆڤێکی باڵا بەرز زەرد

بوو بوون-وەرگێڕ) کە پیاوەکە لەسەری دانیشتبوو، دواتر باوکم لووتی لێوە نزیک کردەوە تاکو بزانێت کە ئەوە بۆنی چییە لێی دێت، دەمزانی بۆنی چی لێ دێت، ئەوە بۆنی شقارتەی سووتاو بوو. دواتر لەوێ ڕۆیشت و زەمیلەکەشی بۆ هێنامەوە، کە سەیری ناوەوەیم کرد جگە لە گیا هیچی تری تێدا نەبوو. ڕێک لەو ساتەدا باوکم گوتی: وامزانی کە گوتت ماسییەکی سەلەمونت ڕاوکردووە گرەی .

-بەڵێ گەورەم، دانەیەکم ڕاوکرد .

-ئەگەر ماسییەکەت پاک کردبایەوە و ناوەوەیت دەرهێنابا، ئەوا ڕای نەدەکرد، چاوەڕێی ئەمەم لێ نەدەکردیت گرەی، باشترم فێر کردبوویت .

-بەڵام بەڕاستی دانەیەکم ڕاو کردبوو ...

-کەوایە دیارە کە ئاژەڵێک هاتووە و ماسییەکەتی خواردووە .

دواى ئەم قسەیە باوکم بۆ ساتێک وەستا و سەیری دەوروبەری کرد، دیار بوو کە شتێکی بیستووە، شایەنی باسیشە کە چەند دڵۆپە ئارەقێکم لەسەر نێوچەوانی بینی، شپرزە بوو بوو. دواتر گوتی: با لێرە بڕۆین.

**بەم قسەیەی دڵخۆش بووم، بۆیە بە درێژایی جۆگەکە گەڕاینەوە و دواتریش ڕۆیشتینە لای پردەکە. بە خێرایی و بێ گوتنی هیچ شتێک بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، دواتر لەو شوێنە وەستاین کە تووڵەکەمی لێ بوو. باوکم لەسەر ئەژنۆیەکی وەستا و بە وردی سەیری گیا مردووەکانی دەکرد. دواتر گوتم: دیارە کە گەڕاوەتەوە تاکو ماسییەکەی تریش بخوات.**

**باوکم سەیری کردم و پرسی: ماسییەکەی تر؟**

**-بەڵێ گەورەم، ماسییەکی گەورەم گرتبوو، بەڵام دام بەو پیاوە تاکو...**

**ویستم لە قسەکردن بەردەوام بم، بەڵام نەمتوانی.**

**بەهەرحاڵ دواتر لەوێ ڕۆیشتین و دووبارە گەڕاینەوە سەروو پردەکە، لە ڕۆخەکە یارمەتی یەکترمان دا لە سەرکەوتن، دوای کە گەیشتینەوە سەر پردەکە باوکم بە بێدەنگی گوتی: ئەم زەمیلەیە بۆنی زۆر ناخۆشە، مەبەستی لە بۆنی شقارتەی سووتاو بوو. دواتر زەمیلەکەی فڕێدایە ناو ئاوەکە و گوتی: ئەگەر دایکت پرسی زەمیلەکەمان دۆزییەوە یان نا، ئەوا دەڵێین نەخێر، تێگەیشتیت؟**

**-بەڵێ گەورەم .**

**کە گەڕاینەوە دایکم لە هیچ شتێکی نەپرسی، ئێمەش باسی هیچمان نەکرد، ئیتر بەڵێ... ئەمە چیرۆکەکەم بوو.**

**هەشتا و یەک ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە، لەو ماوەیەدا بۆ یەک جاریش بیرم لێ نەکردۆتەوە، هەڵبەتە جگە لە کاتی خەودا نەبێت کە خەوم پێوە دەبینی. لە ژیانمدا دووچاری زۆر شت بووم، زۆر شتم کرد، زۆر شتم چەشت. بەڵام هەموویان بوون بە یادەوەرییەک کە وردە وردە بەرەو نەمان دەڕۆن، جگە لە یادەوەری ڕووخساری پیاوە ڕەشپۆشەکە کە هەمیشە وێنایی دەکەم، جگە لە یادەوەری ئەو ڕووداوەی کە خەریک بوو تێیدا بمرم، جگە لە یادەوەری چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی شەیتان !**

